## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٣١**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٢/١٢**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری پەروەردە و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢١)یدا لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١١)دا کردوویەتیو ، ئەو دەسەڵاتەی کە بە پێی بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

**یاسـای**
**ژمـارە ( ١٥ )ی سـاڵی ( ٢٠٠٠ )**
**یاسـای**
**پلـەدارکـردنە وەزیفییـەکـانی دەرچـوانی کـۆلێجی زانسـتەکان**
**( بەشـی کیمیـا و بایـۆلـۆجی )ی هەرێمی کـوردسـتانی عێـراق**

**ماددەی یەکـەم :**

دەرچـووی کـۆلێجی زانـستەکان ( بەشـی کیمیـا و بـایۆلۆجی )لـە تاقیگـە سـەرەکییەکانی نەخۆشخانەکانی پارێزگاکاندا بە پێی پێداویستی دەزگـا تەندروستییەکان دادەمـەزرێو ، بـۆ مـاوەی یەك ساڵ لە ژێر مەشقدا دەبێ .

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتی تەندروستی ئەو مەشق کردووانە ، دوای تـەواوکردنی مـاوەی مەشـق ، بەسـەر مەرکـەزە تەندروستییەکانی دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا، بە پێی پێداویست دابەشی دەکاو تا دوو ساڵ دەمێننەوە .

**ماددەی سێیەم :**

ئەوانە. لە ماوەی پلەدارکردنەکەدا، رێگایان پێ نادرێ کـە دوای دەوامـی رەسمـی ئیختیـصاصاتی خۆیان لە تاقیگە تایبەتییەکاندا پیادە بکەن،ماوەی پلەدارکردنەکەشی (پێنج) سـاڵە بـۆ ئەوانـەی کە خـولی تاقیگەییەکە تەواو دەکەن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە خولی تاقیگەییەکە تەواو دەکەن، بەڵام

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بۆ ئەوانەی كە ناچنە خولەكەوە ماوەكە دەبێتە (دە) ساڵ و لەم بارەیاندا لیژنی هونـەریی وەزارەت ، لە رووی تەزەریو عەمەلیشەوە هەڵیاندەسەنگێنێ .

**ماددەی چوارەم :**

ئەوەی پلەداركردنەكە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی دنەدانی لە پاداشتی دووریی جێگای ئیشەكانیان بۆ دەبڕدرێتەوە ، بەم جۆرەی خوارەوە:

١. جێگەی (أ) سەد دینار .
٢. جێگەی (ب) سەدو بیست و پێنج دینار .
٣. جێگەی (ج) سەدو پەنجا دینار .

**ماددەی پێنجەم :**

وەزیری تەندروستیو كاروباری كۆمەلایەتی پێویستە ئەو جێگایانە دیاربكا كە ماددەی چوارەم دەیانگرێتەوە .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیری تەندروستی و كاروباری كۆمەلایەتی بۆی هەیە بەهاوتەگبیری لە گەڵ وەزارەتی داراییو ئابووری پێكەوە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی وەكارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ .

**ماددەی حەوتەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیـــران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخاتە كار .

**ماددەی هەشتەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ، كاری پێ ناكرێ .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو كـردنەوەی لە وەقـایعی كوردستاندا ، دەخـرێتە كار .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**د . رۆژ نـوری شـاوەیـس**
**سـەرۆكی ئەنجـومەنی نیشتمانیی كوردسـتانی عێـراق**